کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
30-12-2006 19:05بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# دەسەڵاتی کوردی دیکتاتۆرە یان جەماوەر گەمژەیە. .. پارێزەر/رفعت هەڵەبجەیی

باوەڕناکەم لەم جیهانەدا گەلێك هەبێت بەقەد گەلی کورد بەسۆزودەروێشو چەواشە بێت. وەهەروەها



هیچ میللەتێکی دونیا وەکو میللەتی کورد سەرکردەی دزوڕووئەستوروبێ شەرمی نیە. دوێنێ شەولە بەرنامەیەکی کۆمیدی گاڵتە جاڕیدا لە کەناڵی زاگرۆس داسەرۆکی حکومەت میوانداری کرابوو بۆگفتوگۆی ڕاستەوخۆلەگەڵ جەماوەردا هەرچەندە قسەکانی سەرۆکی حکومەت سواڵکەرێکی بەردەم مزگەوتی گەورەی پێ تێر نەدەبوو. کەچی ئەوجەماوەرە بەهرەمەندە ئەو چاو پێکەوتنەیان بە دەستکەوتێکی مێژووی ونەتەوەیی لەقەڵەم دا. زیاترلەوەش تێ یان پەڕاندولەڕاپرسیەکاندا بە وەرجەرخانێکی مێژووی وڕووداوێکی گرنگ مەزەندەیان کردمن کە ئەو بەرنامەیەم دی لە لایەك بەزەییم بە چەواشەیی ئەوخەڵکەدا دەهاتەوەو لەلایەکی تریشەوە پێکەنینم بەعەقڵیان دەهات. من بە وخەڵکە گوناح وخەواڵووە دەڵێم ئەوسەرۆکی حکومەتەی کە ئێوە هاتنی بۆ ستۆدیۆبە ڕووداوێکی مێژووی دەزانن بە پارەو بەری ڕەنجی شانی ئێوە گەیشتۆتە ئەو (سدرت المنتهی) یە ئیتر بۆ دەبێت چاوپێ کەوتن لەگەڵیدا ئەوەندە ڕوداوێکی گرنگ بێت. ئەگەر دادگایەکی نەتەوەیی بوایە دەبوایە سەرانی کورد هەرهەموویان وەکو ێدام حسین دەبووایە بەئاشکرالەبەردەم دادگایەکی عادیلانەدا لە بەرچاوی جەماوەرو جیهاندادادگایی بکرابانایە. نەك لەسەر دزینی پارەی میللەت وگەندەڵیەکانیان بەڵکو لەسەرهەتیو کردن وبێ بەش کردنی دەیان هەزار منداڵی کورد لە سۆزی باوکایەتی. لەسەر بێوەرژن کردنی دەیان هەزار ژنی کورد لە شەڕی نەگریسی ناوخۆدا. لەسەر هەڵقرچاندنی جگەری هەزاران دایك و باوکی گەنجی کورد کە بە ناهەق شەهیدیان کردن لە سوید سەرۆکی حکومەت دێتە بازارکەس سەیری ناکات بگرە سەلامیشی لێ ناکەن. ئیتر ئێوە ئەو هەموو ترس ولەرزو مامە حەمەیتان لە چیە. بەمەرجێك لە سوید خەڵکی لەجیاتی بایعی شەکرو چا بایعی پارە وەردەگرن کە پێ ی دەڵێن (سۆسیال) ئەو خۆشگوزەرانیەی حکومەتی سویدوکاربەدەستەکانی دەستەبەریان کردووە بۆ جەماوەرەکەیان مەگەر هەر خواو لە بەهەشتدا شتی وا بدات بە بەهەشتیەکان ئینجا خەلکی سوید هیچ حیسابێکیش بۆ سەرۆکی حکومەت و وەزیرەکانیش ناکەن. ئیتر ئێوە تاکەی لەخەوی قوڵی گەمژەیی و نەزانی ڕزگارتان دەبێت. تاکەی لە ووشەی جەناب و سەرۆك وگەورەم وبەڕێز ڕزگارتان دەبێت. ئەمەوێ پێتان بڵێم سەرانی دکتاتۆر بە ترس و پاڕانەوەوشفاعەت ومامە حەمەیی ماستاو کردن لەبەرچاویان خۆشەویست نابن هەتا ئێوە مامەڵەتان بەو جۆرە بێت ئەوان زیاتر پێ ی لێ ڕادەکێشن. ێدام باشترین نمونەیە تەنانەت لەبەردەم دادگایشدا هەر وازی لە دەسەڵات نەدەهێناو خۆی بە سەرۆکی عێراق دەزانی. دکتاتۆر تا لێ ی بترسیت زیاتر بێ حورمەتیت پێ دەکات. ئەمەریکا دوای 35 سال زوڵم و ستەم وئەنفال و کیمیا باران ئینجا ێدام ی لەکۆڵ کردینەوە. ئاخۆ کێ و چەند ساڵی تر ئەم دکتاتۆرانەی خۆمانمان لەکۆڵ دەکاتەوە.

سدرت المنتهی/یانی ئاخرین تەبەقەی ئاسمان